## پێشەکی

یاساکانی وڵات ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەن, بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی لەبارەی سیستەمی یاسایی لەهەر وڵاتێکدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە ، دەستەی گشتی دەسپاکی بەئەرکی زانیوە کە بەشداربێت لە ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە پرۆسەی پێداچوونەوەی دەقە یاساییەکان و بەدواداچوونی رادەی جێبەجێ کردنیان بەگشتی و یاساکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی کارگێری لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی .

بابەتی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دیراسەکردنی ژمارە و پروانامەی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەپلەی (ڕاوێژکار) یان (بەڕێوەبەری گشتی) خزمەت دەکەن, دوای ئەوەی بەنووسراوی فەرمی داوامان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە زانیاری لەسەر پروانامەی ئەو کەسانەی کە بەپلەی (ڕاوێژکار) یان (بەڕێوەبەری گشتی) بۆمان بنێرن, دواترو بە پشت بەستن بەنووسراوی فەرمی ئەو دامەزراوانە زانیارییەکانمان بەراورد کردووە لەگەڵ یاسای دامەزراوەکان تاوەکو ڕادەی پابەندبوونی دامەزراوەکان بەیاسا سەبارەت بە ژمارە و پروانامەی (ڕاوێژکار) و (بەڕێوەبەری گشتی) بخەینە ڕوو .

شایەنی ئاماژە پێکردنە ، زۆربەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەڵامی نووسراوی ئێمەیان داوەتەوە و زانیارییەکانیان بۆ ناردووین ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە دامەزراوەکان وەڵامی نووسراوەکەیان نەداوەتەوە ،

لە خوارەوە ئاماژە بەو دامەزراوانە دەکەین کە وەڵامی نووسراوی ئێمەیان نەداوەتەوە و زانیارییان نەداوە:

١/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆکایەتی دیوان.
٢/ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
٣/ وەزارەتی پلاندانان/ بەڕێوەبەری گشتی دیوان.
٤/ وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەرایەتی گشتی کاروباری کارگێری و دارایی.
٥/ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
٦/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی کارگێری و دارایی.

لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە بڵێین کەئەم توێژینەوەیە گشت (ڕاوێژکار) و (بەڕێوەبەری گشتی) لە هەرێمی کوردستان لەخۆ ناگرێت, وە لەم توێژینەوەیەدا تەنها پشتمان بەستووە بە زانیارییەکان کە بەنووسراوی فەرمی بۆ دەستەکەمان هاتووەلەو دامەزراوانەی کە وەڵامیان داوەتەوە .
ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی واقیعی بابەتەکەیە بۆ ئەوەی داڕێژەرانی سیاسەتی گشتی و یاسادانەران لە داهاتوودا وەک سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێوەربگرن کاتیک پێداچوونەوە بە یاساکانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن .
بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەی جیاجیا باس لە ژمارە و پروانامەی ڕاوێژکار وەکو پلەی تایبەت کراوە .

❖ لەڕووی ژمارەی ڕاوێژکار: دەتوانین یاساکانی هەرێمی کوردستان پۆلین بکەین بەم شێوەی خوارەوە :-

یەکەم :-
لەسەر ئاستی یاساکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان :-

أ- بەشی هەرە زۆری یاسای وەزارەتەکان ئاماژە بە ڕاوێژکاران دەکەن و بوار دەدەن دامەزراوەکە چوار ڕاوێژکار دابمەزرێنێت, کەلە یاسای (١٠) وەزارەتدا هاتووە, کە بریتین لە: یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٧) و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) و یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای وەزارەتی ئەوقاف کاروباری ئاینی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) و یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) .
لەلایەکی دیکە بەشێک لە یاسای وەزارەتەکان ئاڕاستەیەکی دیکەیان گرتووە لەڕووی ژمارەی ڕاوێژکاران بۆ نمونە بەپێی یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١١) ژمارەی ڕاوێژکاران نابێت لە (٣) سێ ڕاوێژکار زیاتر بێت .
هەرچی یاسای وەزارەتی دادە ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) ئەوا هیچ دەقێک لەخۆ ناگرێت کە باس لە بوونی ڕاوێژکار بکات .

ڕاسپاردە :-

لەڕووی ژمارەی ڕاوێژکار دەکرێت لەسەر ئاستی یاسای وەزارەتەکان لە داهاتوودا کار لەسەر یەکخستنی (توحید)ی ئاڕاستەی یاسادانان بکرێت بەوەی دەقێکی (موحدد) دابنرێت بۆ نمونە "نابێت ڕاوێژکاران ژمارەیان لە (٤) چوار ڕاوێژکار زیاتر بێت" ,تاوەکو ئەم دەقە ببێتە پێوەرێکی گشتی وە لە گشت یاسای وەزارەتەکان بەدەق ئاماژەی پێبکرێت .

ب- لەسەر ئاستی فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت :-

فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت دەکرێن بە دوو جۆر :-

- ئەو فەرمانگانەی بە یاسا ڕێکخراون :- بەشێک لە یاساکانی فەرمانگە نەبەستراوەکانی بە وەزارەت هیچ ئاماژەیەکی بە ڕاوێژکار نەداوە, نمونەی ئەم یاسایانە یاسای دەزگای گشتی کاروباری مین ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٧) و یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠) و یاسای دەستەی وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٧)ی هەموار کراو. تاکە فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت کە ئاماژە بەبوونی ڕاوێژکار دەکات بریتیە لە یاسای دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٠) کەلە مادده (٦) بڕگە (٢) هاتووە "نابێ ژمارەی ڕاوێژکارانی لە (٢) دوو کەمتر بێت", واتا لایەنی کەمی داناوە بەڵام سنووری بۆ ژمارەی ڕاوێژکارانی دیاری نەکردووە .

- ئەو فەرمانگانەی بە پەیڕەو و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکخراون :- بەپێی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢٥) تایبەت بە ڕێکخستنی کاری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئاماژەیەک نەکراوە بەپلەی ڕاوێژکار .
وەهەروەها بەپێی پەیڕەوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١) هیچ ئاماژەیەک نەکراوە بەپلەی ڕاوێژکار .

ڕاسپاردە :-
سەبارەت بە فەرمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەت گرنگە یاسادانەر لە داهاتوودا کار لەسەر یەکخستنی (توحید)ی ئاڕاستەی یاسادانان بکات بەوەی لەنێو یاسای ئەو فەرمانگانە (کە بەیاسا ڕێکخراون) وە ئەو فەرمانگانەش (کە بەپەیڕەو و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ڕێکخراون) بەدەقێک ئاماژە بکرێت بەوەی بۆ نمونە(نابێت ژمارەی ڕاوێژکاران لە (٢) دوو زیاتر بێت) بۆئەوەی سنوورێک بۆ ژمارەی ڕاوێژکاران دیاری بکرێت .

ت- لەسەر ئاستی یاساکانی دەستە سەربەخۆکان :- لەسەر ئاستی دەستە سەربەخۆکان تەنها یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٠) ئاماژە بەبوونی ڕاوێژکار دەکات کە لە (٢) دوو ڕاوێژکار زیاتر نەبن ، هەرچی یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) ئەوا لە هەردوو یاسادا هیچ دەقێک نییە باس لە بوونی ڕاوێژکار بکات .

ڕاسپاردە :-

دەستە سەربەخۆکانیش هاوشێوەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەت پێویستیان بە ڕاوێژکار دەبێت بۆیە بەگرنگی دەزانین یاسادانەر لە داهاتوودا دەقێک لەنێو یاسای دەستە سەربەخۆکان دابنێت بەوەی بۆ نمونە "نابێت ژمارەی ڕاوێژکاران لە (٢) دوو زیاتر بێت", بۆئەوەی لەڕووی یاساییەوە دەستە سەربەخۆکان بتوانن ڕاوێژکار دابمەزرێنن.

دووەم:- لەسەر ئاستی پەیرەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٦) بەپێی ماددە (٧) لە پەیرەوی ئاماژە پێکراو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی دەتوانن پشت ببەستن بە ڕاوێژکارانی پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکاندا ، بەپێی ئەم ماددەیە ژمارەی ڕاوێژکاران دیاری نەکراوە بەو واتایەی بەپێی پێویستیەکانی کارکردن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت .

سێیەم :- لەسەر ئاستی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) هیچ دەقێک نییە لەم یاسایەدا ئاماژە بەبوونی ڕاوێژکار بکات .

چوارەم :- لەسەر ئاستی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هیچ دەقێک نییە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئاماژە بەڕاوێژکار بکات .

❖ لەڕووی پروانامەی ڕاوێژکار :-

- دەتوانین یاساکانی هەرێمی کوردستان پۆلین بکەین بەم شێوەی خوارەوە :-

یەکەم:- لەسەر ئاستی یاساکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان :-

أ- گشت یاسای وەزارەتەکان (تەنها ئەو وەزارەتانە نەبێت کە باس لە ڕاوێژکار ناکەن) ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕاوێژکار پێویستە پڕوانامەی زانکۆیان هەبێت واتە هەڵگری پڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ بەلایەنی کەمەوە, یاساکان بریتین لە :- یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٧) و یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٠) و یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) و یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٦) و یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) .

ب- لەسەر ئاستی فەرمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەت :- لەیاسای دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٠) ئاماژە بە پڕوانامەی ڕاوێژکار نەکراوە .

ڕاسپاردە :-
بۆئەوەی جۆرێک لە گونجان هەبێت لەنێوان یاساکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و یاسای دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٠) ئەوا پێویستە بەدەقی یاسایی ئاماژە بەوە بکرێت کە پێویستە ڕاوێژکار بەلایەنی کەمەوە هەڵگری پڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت .

ت- لەسەر ئاستی یاساکانی دەستە سەربەخۆکان :- لەیاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٠) ئاماژە بەپڕوانامەی ڕاوێژکار نەکراوە .

ڕاسپاردە :-

بۆئەوەی جۆرێک لە گونجان هەبێت لەنێوان یاساکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٠) ئەوا پێویستە بەدەقی یاسایی ئاماژە بەوە بکرێت کە پێویستە ڕاوێژکار بەلایەنی کەمەوە هەڵگری پروانامەی بەرایی زانکۆ بێت .

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجام داوە لەسەر ئەو دامەزراوانەی کە وەڵامی دەستەیان داوەتەوە بە ئاراستە کردنی ئەو زانیاریانەی کە داوامان کردبوو کە خۆی لە م
دامەزراوانەی خوارەوە دەبینێتەوە :-

١/ ئەنجومەنی دادوەری
٢/ پەرلەمانی کوردستان
٣/ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
٤/ ئەکادیمیای کوردی
٥/ فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
٦/ دەزگای گشتی کاروباری مین
٧/ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان
٨/ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.
٩/ دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم
١٠/ دەستەی وەبەرهێنان
١١/ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
١٢/ دیوانی چاودێری دارایی
١٣/ دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان
١٤/ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
١٥/ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن
١٦/ وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار

١٧/ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن
١٨/ وەزارەتی کارەبا
١٩/ وەزارەتی پەروەردە
٢٠/ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو
٢١/ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی
٢٢/ وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان
٢٣/ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان
٢٤/ وەزارەتی داد
٢٥/ وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی

لەبەشی یەکەمی توێژینەوە کەلەسەر ئەو دامەزراوانەی سەرەوە ئەنجامدراوە کە چۆن وەک و لەسەرەوە بە ژمارە دیاری کراوە هەر دامەزراوەیەک بە جیا کاری لەسەر کراوە و بەشێوەیەک یەکەم جار ڕێکەوتی ئاراستەکردنی نوسراوی دەستەمان دیاری کردووە پاشان ڕێکەوت و ژمارەی ئەو نوسراوەی کە وەڵامیان لە ڕێگەیەوە داوەتەوە دواتر خستنە ڕووی زانیاریەکانی تایبەت بە ڕاوێژکار کە لە نوسراوەکەیاندا هاتووە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە کە پێشتر داوایان لێکرابوو دواتر بەراوردی زانیاریەکانی نێو فۆرمەکە دەکەین لەگەڵ ئەو یاسایەی کە تایبەتە بە خۆیان لە ڕووی خستنەڕووی تێبینیەکانمانەوە و پاشان زانیاریەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەمان هەنگاوەکانی تایبەت بە ڕاوێژکار دوبارە دەکەینەوە لە ڕووی بەراوردکردنی ڕادەی پابەندی ئەو دامەزراوانە بە یاساکانیانەوە لە ڕێگەی تێبینیەوە ئەم کارە بۆ هەر دامەزراوەیەک بە جیا ئەنجاممان داوە و تێبینی تایبەتی هەر لایەنێکمان خستۆتە ڕوو .

لە بەشی دووەم و کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند خشتەیەکی گشتیمان خستۆتە ڕوو لەسەر کۆی گشتی (ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرەگشتیەکان)لەسەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کەوەڵامی دەستەیان داوەتەوە بە (فۆرم – وێنە – ڕێژەی سەدی)

بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١/ خشتەی ئاماری ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرەگشتیەکان لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.
٢/ خشتەی ئاماری ڕاوێژکاران لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پڕوانامەکانیان.
٣/ خشتەی ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پڕوانامەکانیان.
٤/ ئاماری ڕاوێژکاران بە پێی پلەبەندی پڕوانامەکانیان بە ڕێژەی سەدی و بە وێنە.
٥/ ئاماری ڕاوێژکاران بە پێی شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان (ناوەخۆ یان دەرەوەی هەرێم) بەڕێژەی سەدی و بە وێنە.
٦/ ئاماری ڕاوێژکاران بە پێی شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان لە کەرتی گشتی یان تایبەت بەڕێژەی سەدی و بەوێنە.
٧/ ئاماری ڕاوێژکاران بە پێی ڕەگەزیان بەڕێژەی سەدی و بە وێنە.
٨/ ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە پێی پلە بەندی پڕوانامەکانیان و ڕێژەی سەدی و بە وێنە.
٩/ ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە پێی شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان (ناوەخۆی هەرێم – دەرەوەی هەرێم) بەڕێژەی سەدی و بە وێنە.
١٠/ ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە پێی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان لەکەرتی گشتی یان تایبەت و دیاری کردنی بە ڕێژەی گشتی و بە وینە.
١١-ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان بەپێی ڕەگەزیان و دیاریکردنی بە ڕێژەی سەدی و بە وێنە.

**تێبینی :-**

**دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کەوا هەندێک لە دامەزراوەکان فۆرمی راوێژکارانیان بۆ ئێمە رەوانە کردوە کە لە هەمان کاتدا هەندێک لەم راوێژکارانە بەرێوەبەری گشتین بە وەکالەت بۆیە ئێمە تەنها ئاماژەمان بە پۆستە سەرەکیەکەیان کردووە کە راوێژکارە .**

## ١) خشتەی ئاماری ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتیەکان لەسەرجەم دام ودەزگاکانی هەرێمی کوردستان که وەڵامیان داوەتەوە

| ژ | دام ودەزگاکان | ڕاوێژکاران | بەڕێوەبەرە گشتیەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەکادیمیای کوردی | ---------- | ١ |
| ٢ | دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ | ٢ | ٢ |
| ٣ | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | ٤ | ٤ |
| ٤ | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ٢ | ٨ |
| ٥ | فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە | ٤ | ٣ |
| ٦ | وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار | ٥ | ١٢ |
| ٧ | دەزگای گشتی کاروباری مین | --------- | ٦ |
| ٨ | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان | --------- | ١ |
| ٩ | وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن | ٧ | ٥ |
| ١٠ | وەزارەتی کارەبا | ٤ | ١١ |
| ١١ | وەزارەتی پەروەردە | ٦ | ١٢ |
| ١٢ | ئەنجومەنی دادوەری | ٣ | ١ |
| ١٣ | دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە | --------- | -------- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٣ | ------- |
| ١٥ | وەزارەتی كشتوكاڵ وسەرچاوەكانی ئاو | ٣ | ١٤ |
| ١٦ | دیوانی چاودێری دارایی | ١ | ٥ |
| ١٧ | دەستەی گشتی دەسپاكی | ----- | ٣ |
| ١٨ | وەزارەتی ئەوقاف | ٥ | ١١ |
| ١٩ | پەرلەمانی كوردستان | ٥١ | ١ |
| ٢٠ | وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان | ٤ | ١٣ |
| ٢١ | دەستەی وەبەرهێنان | -------- | ٦ |
| ٢٢ | سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران | -------- | ١ |
| ٢٣ | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال كراوان | ٢ | ٧ |
| ٢٤ | وەزارەتی داد | ١٠ | ٢ |
| ٢٥ | وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی | ٦ | ٩ |
| | كۆی گشتی | ١٢٢ | ١٣٨ |

٢) خشتەی ئاماری ڕاوێژكاران  لە دام ودەزگاكانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بە پڕوانامەكانیان

| ژ | دام ودەزگاکان | بێ پروانامە | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | ماستەر | دکتۆرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەکادیمیای کوردی | ------- | ----- | -------- | ------- | ------- | ------ | ------- |
| ٢ | دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ | ------- | ----- | ------- | --------- | ١ | ١ | ------ |
| ٣ | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | ------- | ----- | ------ | -------- | ١ | ١ | ٢ |
| ٤ | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ------- | ----- | ------- | ١ | ١ | -------- | ------- |
| ٥ | فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە | ------- | ----- | ------ | ١ | -------- | ٢ | ١ |
| ٦ | وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار | ------- | ---- | ------- | ------ | ٥ | ------ | ------ |
| ٧ | دەزگای گشتی کاروباری مین | ------ | ----- | ----- | ------- | -------- | ------- | ------ |
| ٨ | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان | ------- | ----- | ------- | ------- | -------- | ------- | ------ |
| ٩ | وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن | ------ | ١ | ------- | ------- | ٥ | ١ | ------ |
| ١٠ | وەزارەتی کارەبا | ------- | ----- | ------- | -------- | ٤ | ------ | -------- |
| ١١ | وەزارەتی پەروەردە | ------- | ------ | ------- | ---------- - | ٥ | ------ | ١ |
| ١٢ | ئەنجومەنی دادوەری | ------- | ----- | ------- | ------- | ٣ | ------- | ------- |
| ١٣ | دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە | ------- | ---- | ------ | --------- | ---------- | ------- | ------- |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ------- | ------ | ------ | -------- | ٣ | -------- | ------ |
| ١٥ | وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو | ------- | ------ | --------- | ----------- | ١ | ------ | ٢ |
| ١٦ | دیوانی چاودێری دارایی | ------- | ------ | --------- | ---------- | --------- | ١ | ------ |
| ١٧ | دەستەی گشتی دەسپاکی | ------ | ------ | -------- | --------- | --------- | ------- | ---------- |
| ١٨ | وەزارەتی ئەوقاف | ------- | ------ | --------- | --------- | ٥ | ------- | ------ |
| ١٩ | پەرلەمانی کوردستان | ٣ | ------ | ١ | ٤ | ٢٣ | ١٥ | ٥ |
| ٢٠ | وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان | ------ | ------ | ------- | --------- | ١ | ٢ | ١ |
| ٢١ | دەستەی وەبەرهێنان | ------ | ------ | --------- | -------- | -------- | ------ | ---------- |
| ٢٢ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | -------- | ------ | --------- | ---------- | -------- | -------- | --------- |
| ٢٣ | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان | -------- | ------ | ------- | --------- | ١ | ١ | --------- |
| ٢٤ | وەزارەتی داد | -------- | ----- | --------- | --------- | ٦ | ١ | ٣ |
| ٢٥ | وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی | -------- | ------ | ١ | -------- | ٣ | ١ | ١ |
| | کۆی گشتی | ٣ | ١ | ٢ | ٦ | ٦٨ | ٢٦ | ١٦ |

| | |
|---|---|
| | ١٢٢ |

## ٣)خشتەی ئاماری بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە دام ودەزگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پڕوانامەکانیان

| ژ | دام ودەزگاکان | ئامادەیی | دبلۆم | دبلۆمی باڵا | بەکالۆریۆس | ماستەر | دکتۆرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەکادیمیای کوردی | ------ | ------- | --------- | -------- | -------- | ١ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ | ------ | ----- | -------- | ٢ | ------ | ----------- |
| ٣ | وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | ------ | ----- | ------- | ٢ | ٢ | ------ |
| ٤ | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ------ | ------ | -------- | ٧ | ١ | ------ |
| ٥ | فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە | ١ | ١ | ------- | ------- | ١ | ------ |
| ٦ | وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار | -------- | ------- | -------- | ١٠ | ١ | ------ |
| ٧ | دەزگای گشتی کاروباری مین | ------- | ----- | -------- | ٥ | ١ | ------ |
| ٨ | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان | ----- | ---- | ----------- | --------- | ١ | ------ |
| ٩ | و-ەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن | ------ | ------- | -------- | ٥ | ---- | ------ |
| ١٠ | وەزارەتی کارەبا | ----------- | -------- | ------ | ١١ | ------ | ------- |
| ١١ | وەزارەتی پەروەردە | ------ | ------ | ------- | ١١ | ١ | --------- |
| ١٢ | ئەنجومەنی دادوەری | ----------- | --------- | ---------- | ١ | ------ | ----- |
| ١٣ | دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە | --------- | -------- | --------- | --------- | -------- | ------ |
| ١٤ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ----- | ---------- | ---------- | ------------ | --------- | ---------- |
| ١٥ | وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو | ----- | ------ | --------- | ٨ | ١ | ٥ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | ديوانی چاودێری دارایی | ----- | ------ | ١ | ٤ | ------ | ------ |
| ١٧ | دەستەی گشتی دەسپاکی | ---------- | ------- | --------- | ١ | ١ | ١ |
| ١٨ | وەزارەتی ئەوقاف | --------- | ---------- | ١ | ٩ | ---------- | ١ |
| ١٩ | پەرلەمانی کوردستان | --------- | ---------- | --------- | -------- | ١ | ------ |
| ٢٠ | وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان | --------- | ------ | ------- | ٩ | ٣ | ١ |
| ٢١ | دەستەی وەبەرهێنان | ------- | ------- | ------- | ٢ | ٣ | ١ |
| ٢٢ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ------- | --------- | ---------- | ---------- | ---------- | ١ |
| ٢٣ | وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان | ------ | -------- | ---------- | ٥ | ٢ | -------- |
| ٢٤ | وەزارەتی داد | -------- | --------- | ---------- | ١ | | ١ |
| ٢٥ | وەزارەتی بازرگانی پیشەسازی | | ١ | ---------- | ٦ | ١ | ١ |
| کۆی گشتی | | ١ | ٢ | ٢ | ٩٩ | ٢١ | ١٣ |
| | | ١٣٨ | | | | | |

# ئاماری راوێژکاران به گوێرەی پله بەندی پروانامەکانیان

| ڕێژەی سەدی % | ژمارەی ڕاوێژکاران | پڕوانامە |
|---|---|---|
| 2.5 | 3 | بێ پڕوانامە |
| 0.8 | 1 | ناوەندی |
| 1.6 | 2 | ئامادەیی |
| 4.9 | 6 | دبلۆم |
| 55.8 | 68 | بەکالوریوس |
| 21.3 | 26 | ماستەر |
| 13.1 | 16 | دکتۆرا |
| 100 | 122 | کۆی گشتی |




وێنەی ژمارە( 1 )

# ئاماری  ڕاوێژکاران  بە گوێرەی شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان

| ڕێژەی سەدی % | ژمارەی ڕاوێژکار | شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامە |
|---|---|---|
| 76.2 | 93 | ناوەخۆی هەرێم |
| 19.7 | 24 | دەرەوەی هەرێم |
| 4.1 | 5 | هیچ زانیارێکیان نەداوە |
| 100 | 122 | کۆی گشتی |




وێنەی ژمارەی( 2 )

# ئامارى  راوێژكاران  بە گوێرەی زانكۆكانی كەرتی گشتی و تایبەتی

| زانكۆكان | ژمارەی راوێژكار | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| زانكۆ حكومییەكان | 89 | 95.7 |
| زانكۆ ئەهلییەكان | 4 | 4.3 |
| كۆی گشتی | 93 | 100 |




وێنەی ژمارەی( 3 )

# ئاماری  راوێژکاران  بە گوێرەی ڕەگەزیان

| ڕەگەز | ژمارەی راوێژکار | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| نێر | 104 | 85.2 |
| مێ | 18 | 14.8 |
| کۆی گشتی | 122 | 100 |




وێنەی ژمارەی( 4 )

# ئامارى بەڕێوەبەرە گشتى يەكان بەگوێرەى پلە بەندى پڕوانامەكانيان

| پڕوانامە | ژمارەى بەڕێوەبەرە گشتى يەكان | ڕێژەى سەدى % |
|---|---|---|
| ئامادەيى | 1 | 0.7 |
| دبلۆم | 2 | 1.5 |
| بەكالوريوس | 100 | 72.2 |
| دبلۆم عالى | 2 | 1.5 |
| ماستەر | 21 | 15.3 |
| دكتۆرا | 12 | 8.8 |
| كۆى گشتى | 138 | 100 |




وێنەی ژمارە( 5 )

# ئاماری بەڕێوەبەرە گشتی یەکان به گوێرەی شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکانیان

| ڕێژەی سەدی % | ژمارەی بەڕێوەبەرە گشتی یەکان | شوێنی بەدەستهێنانی پڕوانامەکان |
| --- | --- | --- |
| 88.3 | 122 | ناوەخۆی هەرێم |
| 10.2 | 14 | دەرەوەی هەرێم |
| 1.5 | 2 | هیچ زانیارێکیان نەداوە |
| 100 | 138 | کۆی گشتی |




وێنەی ژمارەی( 6 )

## ئامارى بەرێوەبەرە گشتى يەكان بە گوێرەى زانكۆكانى كەرتى گشتى و تايبەتى

| زانكۆكان | ژمارەى بەرێوەبەرە گشتى يەكان | رێژەى سەدى % |
|---|---|---|
| زانكۆ حكوميیەكان | 116 | 95.0 |
| زانكۆ ئەهلييەكان | 6 | 5.0 |
| كۆى گشتى | 122 | 100 |




وێنەی ژمارەی( 7 )

# ئاماری بەرێوەبەرە گشتی یەکان بە گوێرەی ڕەگەزیان

| ڕەگەزیان | ژمارەی بەرێوەبەرە گشتی یەکان | ڕێژەی سەدی % |
| --- | --- | --- |
| نێر | 131 | 94.9 |
| مێ | 7 | 5.1 |
| کۆی گشتی | 138 | 100 |


94.9 %
5.1%
مێ
نێر